
# لةذىر كلآوي ئةمجارةدا لةأؤح دةرناكةين!!! .. خالَة حةمة



بەشێنەیی ئەمجارەش کڵاوەکەی جارانیان لەسەرنابنەوە کەچەندان سەدەیەچڵك خواردویەتی وجۆرەها مۆریانەو کێچ و ئەسپێ بەژێریا جرتوفرت و زاووزێیەتی، ئەو کڵاوە کوڵکنە چڵکنە تیسکنەیان لەسەرناین کەبەرچاوی خۆمان نەبینین،کەگوناهی سەردەمی سوتاندنی ئاوێستاو سەدانجار ئەنفالی لەژێردا حەشاردراو تا ئەمڕۆکەش درێژەی هەیە، بەڵام کڵاو دروو کێیە؟
ئەم پرسیارە زۆرجار گۆمی غەفڵەت ئەشێوێنێ و ئەمانخاتە بەرشەپۆلی تووڕەیی نەوەکانمانکەبەدرێژایی تەمەنیان خوێن بۆئازادی ئەدەن و ئازادیش هەر دوور ئەکەوێتەوە،ئەم پرسیارە زۆرجار ڕامان و بیروبۆچونیش ئەوروژێنێ کەخودی وەڵامەکانیش لەمەنگەنە بدرێت تاتەبایی نێوان وەڵام و پرسیار، توڕەبوون و گرژبوونی بەسەردابێت و چارەسەرێکی بنبڕیان بۆ دابین بکرێ و کڵاودرووش دام و دەزگاکەی بپێچێتەوەو ملی بشکێنێ یاخود دادگایەکی میللی کۆتایی بە چنینی ئەو کڵاوانە بهێنێت کە بەبەرچاومانەوە ئەیچنن و ئەیکەنەسەرمان ..
هەروەها تەونڕێسەکان ڕیسوابکرێن و چیتر لەژێر ناوی پیرۆزی (پێشمەرگە) دا خۆیان حەشار نەدەن و (پێشمەرگە) ش خۆی لەوچەکە ڕزگاری بکات کەسەری خودی خۆی دەخوات و چەکی بڕوا بکاتە شانی،میللەتیش لەو کڵاوە ڕزگاری بێت کە هەرجارەو بەشێوەیەك لەسەریدەنێن وخەڵکی بێتوانا لەهەموو دەسەڵاتێك دوور بخاتەوەو ئەو ڤایرۆسانەش کەکڵاوچنن لاوەنرێن تا لە بێدەسەڵاتی خۆیاندا یەک لەدوای یەك کۆتاییان دێت... .
لەژێر کڵاوی دوێنێدا باشووری کوردستانیان لکاندەوە بە نیشتمانی عەرەبەوە خۆ ئەگەر زۆر وریا نەبین لەژێر کڵاوی ئەمرۆژەدا خۆشمان ڕۆح دەرناکەین و کڵاو درووکانیش بە کەمفامی ئێمە خەنی ئەبن و نەوە لە دوای نەوە بۆ سەری ئێمەی نەخۆش کڵاو ئەچنن... .

خاڵەحەمە 2005/5/2 دانمارك /ڤالبی